DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.27
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕووماڵی ڕاپەرینی باشووری کوردستان لە ڕۆژنامە بەریتانیەکاندا لە ساڵی ١٩٩١ (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

م. ڕەوەز محمود رەسول
krebwar@uor.edu.krd
م. ڕێبوار خالد مصطفی
rawaz.mahmud@uor.edu.krd
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

دۆخی عێراق لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی گشتی جێگەی سەرنج و تێڕامانی میدیای ڕۆژئاوا بووە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو دۆخەبوو، کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕیّ، بەتایبەتی ئەو ناثارامییەی لەناوچەکەدا لەدوای داگیرکردنی (کوەیت) لەلایەن عێراقەوە خوڵقابوو، کە دەستدرێژی و زیان گەیاند بوو بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. لەبەرئەوە ڕووداوەکانی ناوچەکە هەواڵی گەرمی بەشێکی ڕۆژنامە و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوابوون. لەگەڵ پەلاماردانی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، کوردیش کە حیزبەکانی شاخ نوێنەرایەتیان دەکرد، هەوڵیاندا جێگەی خۆیان لەو گۆڕانکارییانەدا بکەنەوە و ببن بە بەشێك لە ئەجێندای نێودەوڵەتی.

هەرچەند بایەخدان بە کورد و دۆخی کوردستان لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا بەتایبەت میدیای بەریتانیا لە زۆر دەمێکەوە گرنگی پێدراوە، بەڵام پاش ئەنجامدانی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی ناوچەکان، ئەم بایەخدانە لە میدیای بەریتانیادا ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبووە، بە جۆرێک گرنگی و بایەخدان بە ڕووداوەکانی کوردستان زیادیکردووە، لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە بەمیتۆدی شیکاریی، لە دیدێکی ڕەخنەییانەوە شیکاری ڕووماڵی میدیاکانی بەریتانیا بۆ ڕووداوەکانی ڕاپەڕین بەرچاوبخرێت، تا بەهۆیەوە لە تێڕوانینی ئەوکاتەی میدیای بەریتانیا سەبارەت بە کورد تێبگەین و بزانرێت، کە سەرنج و تێڕوانینیان لە ڕووی چییەتی و چەندیەتییەوە بۆ ڕووداوەکان لە پێش ڕاپەڕین و ماوەی ڕاپەڕین، لەگەڵ سەرەتاکانی پەلاماردانەوەی ڕژێمی بەعس و داگیرکرنەوەی بەشێکی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە چۆنبووە؟.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە پێشەکی و دوو باس و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان پێکهاتووە، باسی یەکەم: بە ناونیشانی (ڕووماڵی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بۆ دۆخی عێراق و کوردستان لە پێش ڕاپەڕین)ـە، باسی دووەمیش بۆ (ڕووماڵی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بۆ ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی باشووری کوردستان) تەرخانکراوە.

**کلیلە وشەکان: ڕاپەڕین، وێناکردن، ڕۆژنامە، باشووری کوردستان، ڕوماڵی ڕووداوەکان.**

Recieved: 28/8/2021
Accepted: 20/9/2021


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی

وڵاتــی بەریتانیــا، وەک یەکێــك لەوڵاتــە مەزنەکانــی ئەوروپــا، بــۆ ماوەیەکــی زۆر وەك وڵاتێکــی ئیمپریالیســتی بەشــێکی زۆری جیهانــی لەبەردەســتدابووە. بەدرێژایــی مێــژووی میدیــای بەریتانــی بەتایبەتــی ڕۆژنامــەکان بایەخیــان بــە بەرژەوەندیــی ئیمپریالیســتیەکانی بەریتانیــا داوە، بــە جۆرێــک بەرژەوەندییەکانــی بەریتانیــا لــە کــوێ بووبێــت، ڕووی ئەوانیــش لــەو شــوێنەبووە.

لــەم ســۆنگەیەوە، کاتێك بەرژەوەندییەکانــی بەریتانیــا ڕووی لــە دەوڵەتــانی ناوچەکــە کــردووە، کوردیش وەک بەشــێك لــەم دەوڵەتانــە جێگــەی تێڕامانــی ڕۆژنامــەکان بــووە و بایــەخ بــەم گەلــە دراوە، لــەم ڕێگەیــەوە، بــەردەوام ڕووماڵــی ڕووداوەکانــی کوردســتانیان کــردووە، کــە ســەرنجی ڕاکێشــاون و بەهۆیــەوە خزمەتــی ســتراتیژی بەریتانیایــان کــردووە. لەگــەڵ ئەمــە بەپێــی ڕووداوکان و کاریگەرییــان لــە ڕووی نێودەوڵەتــی، سیاســی، مرۆییــەوە ڕووماڵــی ڕۆژنامــەکان گۆڕانــی بەرســەردا هاتــووە. چەنــد ڕووداوەکان کاریگەریــی زۆرتریــان بەســەر سیاســەتی هەرێمــی و نێودەوڵــەتی هەبووبێــت، ئــەوا بایەخــی زۆرتــری پێــدراوە، ســەرباری ئەمــە ڕۆژنامەکانــی بەریتانیــا تەنیا بــە ڕووماڵــی هەواڵەکانــەوە نەوەســتاون، بەڵکــو هەندێکجــار شــیکارییان بــۆ ڕووداوەکان کــردووە و تێڕوانینــی جیاوازییــان لــە بــارەی ئــەو ڕووداوانــە خســتووەتەڕوو.

گرنگیدانــی میدیاکانــی بەریتانیــا لــە کۆتایــی ســەدەی بیســت و ئــەو ڕووداوانــەی بەهــۆی جەنگــی ئێــران و عێــراق و داگیرکــردنی کوەیــت ڕوویانــداوە، کاردانــەوەی گــەوەری لــە میدیاکانــی ئــەم وڵاتــەدا هەبــووە، بەتایبــەت لــە بەشــێك لــەو میدیــا و ڕۆژنامانــەی، کــە بایەخیــان بــە ڕووداوە سیاســییەکانی دەرەوەی بەریتانیــا داوە. لەپــاش دەســتپێکردنی یەکــەم جەنگــی کەنــداو، لــەم ماوەیــەدا بەشــێك لــە ڕووداوەکانــی باشــووری کوردســتان، بەتایبــەت بۆمبابارانکردنــی هەڵەبجــە و ناوچەکانــی دیکــەی کوردســتان بــە گازی ژهــراوی، پرۆســەی ئەنفــال و ڕاگواســتن و ڕاپەڕیــن... تــاد.، لــە ڕۆژنامەکانــدا گرنگییــان پێــدراوە و بــە بایەخــەوە خراونەتــە بەربــاس.

لــەم توێژینەوەیــەدا ئامانجامانــە، کــە ڕووماڵــی ڕووداوەکانــی بەشــێك لــە ڕۆژنامــە ســەرەکییەکانی بەریتانیــا بــۆ ڕاپەڕیــن بخەینــەڕوو، لــە چۆنیەتیــی ڕووماڵــی ئــەو ڕۆژنامــە بــۆ ڕووداوەکانــی ڕاپەڕیــن تێبگەیــن، بزانیــن ئــەم ڕۆژنامانــە وەك ڕووداوێکــی پەیوەســت بەدۆخــی ناوخــۆی عێــراق مامەڵەیــان لەگــەل ئــەم ڕاپەڕینــە کــردووە، یاخــود وەك دۆزی ڕەوای گەلێــك، کــە بــە دوای مافەکانیــدا وێڵــە مامەڵــەی لەگەڵــدا کــراوە. دەمانەوێــت ڕاڤــەی تێگەیشــتنی ئــەوان بــۆ ئــەم ڕووداوە گەورەیــەی مێــژووی کــورد بکەیــن، بزانیــن لــە چ ســۆنگەیەکەوە ئــەو ڕۆژنامانــە بایەخیــان بــە ڕاپەڕینــی (ئــازاری ســاڵی ١٩٩١) داوە.

گرنگــی توێژینەوەکــە لەوەدایــە دەتوانیــن لــە تێڕوانینــی ڕۆژنامەکانــی بەریتانیــا تێبگەیــن، کــە چــۆن لەبــارەی کــورد نوســیویانە و بیریــان کردووەتــەوە. لــەم ڕووەشــەوە ســەرنجی بەریتانییەکامــان بــۆ دەرکەوێــت، کــە چــۆن لەبــارەی ڕاپەڕیــن بیریــان کردووەتــەوە، تێڕوانییــان لــە بــارەی ئــەم مــاوە مێژوویــیــەی خەباتــی کــورد چــی و چــۆن بــووە؟، بەتایبــەت کــە بەشــێک لەپەیامنێرانــی ئــەم ڕۆژنامانــە ســەردانی کوردســتانیان کــردووە و بەشــێك لــە ڕووداوەکانیــان بینــووە و بڵاویانکردونەتــەوە، ئەمــەش زانیاریــی مێژوویــی ســەرنج ڕاکێــش لەخۆدەگــرن، چونکــە ئــەوان شــاهیدی ڕووداوەکان بــوون.

لــەڕووی میتۆدییــەوە، هەوڵمانــداوە میتــۆدی شــیکاریی بەکاربهێنــن، بــۆ ئــەوەی بتوانیــن، لــە دیدێکــی ڕەخنەییانەوە

شـیکاری ئـەو بابەتانـە بکەیـن، کـە میدیـاکان لەبـارەی ڕووداوەکانـی ڕاپەڕینـەوە بڵاویـان کردووەتـەوە، هەوڵـدراوە بـەراوردی ڕوومالّـی ڕۆژنامـەکان بکرێـت، ئـەوە بخرێتـەڕوو کـە تاچەنـد ڕۆژنامـە جیاوازەکانـی بەریتانیـا لەیەکچـوون یاخـود جیاوازبـوون.

گرفتـی توێژینەوەکـە، خـۆی لـە نەبوونـی توێژینـەوەی دیکـەدا دەبینێتـەوە لە بـارەی تێروانینی ڕۆژنامـە بەریتانیەکان دەربـارەی کـورد لـە مـاوەی ڕاپەڕینـدا، بـۆ ئـەوەی تێروانینـی توێـژەرانی دیکـە، لەگـەڵ توێژینەوەکەمانـدا تێکهەڵکێـش بکەیـن و بەهۆیانـەوە شـیکردنەوەکانی توێژینەوەکـەی پـێ دەوڵەمەنـد تـر و بەهێزتـر بکەین.

ئـەم توێژینەوەیـە جگـە لـە پوختـە بـە زمانـەکانی کـوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی، لـە پێشـەکی و دوو بـاس و دەرئەنجـام و لیسـتی سـەچاوە و پاشـکۆکان پێکهاتـووە، باسـی یەکـەم: بـە ناونیشـانی (ڕوومالّـی ڕۆژنامەکانـی بەریتانیـا بـۆ دۆخـی عێـراق و کوردسـتان لـە پێـش ڕاپەڕین)ـە، کـە تێیـدا تیشـک خراوەتـە سـەر ڕووداوەکانـی چەنـد هەفتەیـەك بـەر لەڕاپەڕیـن و چۆنیەتیـی ڕوومالّکردنـی ڕووداوەکان، لەگـەڵ ئـەو بابەتانـەی بوونەتـە جێگای سـەرنجی ڕۆژنامەکانی بەریتانیـا. باسـی دووەم: بـە ناونیشـانی (ڕوومالّـی ڕۆژنامەکانـی بەریتانیـا بـۆ ڕاپەڕیـن و ڕووداوەکانـی باشـووری کوردستان)ـە، بـۆ ڕووداوەکانـی مـاوەی ڕاپەڕیـن تایبەتکـراوە، تێیـدا ئـەو بابەتانـە خراونـە بەربـاس و شـیکردنەوە، کـە لـەو ماوەیـەدا لـە ڕۆژنامەکانـدا لـە بـارەی ڕەوتـی ڕووداوەکانـەوە باسـکراون و بڵاوکراونەتـەوە.

باسی یەکەم: ڕوومالّی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بۆ دۆخی عێراق و کوردستان لەپێش ڕاپەڕین

بـەر لـە ڕاپەڕینـی (٥ ی ئـازاری ١٩٩١)دا، ڕووداوەکانی ناوچەکـە و سیاسـەتی ڕژێمـی بەعـس بەرانبـەر بـە باشـووری کوردسـتان، گرنگـی و بایەخـی زۆری پێـدراوە، بـە تایبـەت ڕووداوەکانـی سـاڵی (١٩٨٩)، کـە لەگرنگترینیـان بریتییـە لـە ڕاگواسـتنی گونـد و بەشـێك لـە شـارۆچکەکانی کوردسـتان، لـەم ماوەیـەدا ئـەوەی بەرچاودەکەوێـت ڕۆژنامـەکان گرنگیـان بـە زۆر ڕووداوی پەیوەسـت بـەو بـوارە داوە، لـە خوێنـدەوەی بەشـێك لـە بابەتـە بڵاوکراوەکانـدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت، کـە میدیـا جۆرێـك لـە خەمخـۆری بـۆ چارەسـەری کێشـەی ڕاگواسـتنی کـورد و باسـکردنی وەکـو بابەتێکـی پەیوەسـت بـە پێشـێلکردنی مافـی مرۆڤـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتاندا هەبـووە، بـۆ نموونـە: لـە ڕۆژنامـەی (زە تایمـز) ئامـاژە بـۆ هەڵهاتنـی دانیشـتوانی ژمارەیـەك گونـدی دەرووبـەری شـارۆچکەی (ڕانیـە) کـراوە، کـە بـە هـۆی ترسـیان لـە ڕاگواسـتن بـۆ ناوچەیەکـی نادیـار پەنایـان بـۆ ئێـران بـردووە، جگـە لەمـە ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە ناوەنـدی لەندەنـی مافـی کەمینـەکان، کـە هـاوکات ئەندامـی چاودێـرە لـە کۆمسـیۆنی مافـی مرۆڤـی نەتەوەیەکگرتـووەکان، سـەرکۆنەی ئـەم سیاسـەتەی ڕژێمـی عێـراق دەکات و بـە جینۆسـاید دەیناسـێنت، لەگـەڵ ئەمـە بـاس لـە کێشـەی ڕاگواسـتنی شـارۆچکەی (قـەڵادزێ) و ناوچەکانـی دیکـە دەکات، کـە ئەگـەری هەیـە لـە ژێـر کاریگەریـی ئـەم پرۆسـەیەدا (٣٠٠ بـۆ ٥٠٠) هـەزار کـەس ڕابگوازرێـن و ماڵەکانیـان وێـران بکرێـت، ڕۆژنامەکـە ئاماژەی بـەوەش کـردووە، کـە کـورد ترسـیان هەیـە بـەرەو ناوچەکانـی نزیـك کوەیـت ڕابگوێزرێـن و لەژێـر مەتـرسی گەرمـادا بمـرن، وەك ئـەو (٨) هـەزار کـوردەی لەسـاڵی (١٩٨٣) ڕاگوێـزران و ژمارەیەکـی کەمیـان بـە زیندوویـی ماونەتـەوە (Teimourian, April ١٤, ١٩٨٩: ١٠).

لـە سـاڵی (١٩٨٩)دا، گروپـی دۆسـتایەتی بەریتانیـا -کـورد، لـە نارەزایەتینامەیەکـدا، کـە واژۆی چەنـد کەسـایەتییەکی بەریتانـی و ئەنـدام پەرلەمانێکـی لەسـەرە و لـە ڕۆژنامـەی زە تایمـزدا بڵاوکراوەتـەوە، تیشـکخراوەتە سـەر ڕاگواسـتنی

دانیشـتوانی قـەڵادزێ و ئامـاژە بـەوە کـراوە، کـە پێویسـتە وەك ئەرکێکـی ئەخلاقـی بەریتانیـا و هاوپەیمانەکانـی هـاوکاری پێویسـت پێشـکەش بـە کـورد بکـەن، فشـار بخەنـە سـەر حکومەتـی عێـراق پێـش ئـەوەی درەنـگ بکەوێـت و بـۆ شـوێنی نادیـار ڕابگوێزرێـن، لەگـەڵ ئەمـەش ئـەو پرسـیارە دەکـەن، کـە ئایـا کـورد بەشـی پێویسـتیان لـە ئـازار و نەهامەتـی نەچەشـتووە؟ پێویسـتە چـی دیکـە لـە ڕژێمـی عێـراق قبوڵنەکرێـت، کـە مافەکانـی مـرۆڤ پێشـێلبکات(The Times, April ٢٥, ١٩٨٩: ٦).

بـاشی پەیوەندییـە سیاسی و ئابوورییـەکانی حکومەتەکـەی (مارگرێـت تارچـەر) کاریگەریـی و ڕەنگدانـەوەی بەسـەر هەڵوێسـتی حکومـەتی بەریتانیـا لەبـارەی دۆزی کـورد هەبـووە، لـە هەوڵـی پاراسـتنی ئـەو پەیوەندییانـەدا بـووە، کەمتر داواکارییـەکانی کـوردی جێبەجێکـردووە (The Guardian, ٢٠٢١)، بـەڵام ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت، لەگەڵ باشـبوونی ئەو پەیوەندییـە بەشـێک لـە ڕۆژنامـەکان لـە مـاوەی سـاڵانی هەشـتا و نەوەدەکانـی سـەدەی بیسـت ڕووماڵـی ڕووداوەکانـی کوردسـتانیان تاڕادەیـەک لـە بەرژەوەنـدی کـورد و لـەدژی حکومەتـی عێـراق کـردووە، کـە ئەمـە جێـگای بایەخبـووە و دەرخـەری ئەوەیـە سیاسـەتی حکومـەتی بەریتانیـا لەبـارەی کـورد، تـا ڕادەیەکـی زۆر کاریگەریـی بەسـەر ڕووماڵـی ڕۆژنامەکانـدا کەمبـووە، چونکـە ئـەوەی کاریگـەری هەبـووە دەگەڕێتـەوە بـۆ سیاسـەتی ڕۆژنامـەکان دەربـارەی دۆزی کـورد و بـوونی بەشـێک لـە نووسـەرە کوردەکانی وەک (هەژێـر تەیموریـان) (١) کـە کاری لـە بەشـێک لـەو ڕۆژنامانـەدا کـردووە، ئـەوەش بایەخـی گـەورەی لـە ڕووماڵـی ڕۆژنامەکانـدا دەربـارەی دۆزی کـورد هەبـووە.

لەبابەتـی ڕاگواسـتندا، ڕۆژنامـەی زە تایمـز ڕاگواسـتنی (پشـدەر و بیتوێـن)ی بەیەکـەوە هاوپێـچ کـردووە، ئامـاژەی بەوەکـردووە گونـدی (سەرسـیان)، کـە دانیشـتوانەکەی ژمارەیـان (١٢) هـەزار کـەس بـووە، بـۆ کەمپێکـی کاتـی ڕاگوێـزراون، لەگـەڵ ئەمـە مـاوەی نێـوان (٢٥ نیسـان بـۆ ٨ مایـس) دیاریکـراوە بـۆ ئـەوەی ناوچـەی پشـدەر چۆڵبکرێـت و دانیشـتوانەکەی بـۆ شـوێنێکی نادیـار ڕابگوێزرێـن، لەبەرئەمـە (١٢) هـەزار کـم٢ لەهەرێمـی کوردسـتان بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی ناوچـەی قەدەغەکـراو لەژێـر هەڕەشـەی چۆڵکردندایـە، لـە سـنوورەکانی لەگـەڵ ئێرانـدا، کـوردی باشـوور ئـەم سیاسـەتە بـە لەنێوبردنـی کەمینـەی کـورد دادەنێـن، پێیانوایـە ژیانـی دانیشـتوانی کوردسـتان و خێڵەکانـی پشـدەر و بیتوێـن لەمەترسـیدایە، ڕۆژنامەکـە ئامـاژەی بـەوەش کـردووە، کـە دانیشـتوانی قـەڵادزێ داوای گەڕانـەوەی نوێنەرەکەیـان (مـەلا محەمـەد دەڵگەیـی) دەکـەن، کـە لـە هۆتێلەکـەی خـۆی لـە بەغـداد ڕفێنـدراوە، پـاش ئـەوەی بەسـەرۆکایەتی شـاندێک سـەردانی شـاری بەغدایـان کردبـوو، تاوەکـو کاربەدەسـتانی حکومـەت لـە بڕیـاری ڕاگواسـتنی ئـەم ناوچەیـە پاشـگەزبکەنەوە (Teimourian, May ١٢, ١٩٨٩: ٨).

لەچوارچێـوەی دروسـتکردنی پشـتێنەی سـنووری و ناوچـەی سـەربازیی قەدەغەکـراو، حکومـەتی عێـراق لەسـاڵی (١٩٨٩) شارنشـینەکانی قـەزای پشـدەر و دەوروبـەری ڕاگواسـت، هەرچەنـدە چەنـد کەسـایەتییەک بـە نـاوی دانیشـتوانی قـەزای پشـدەر بـە مەبەسـتی هەڵوەشـاندنەوەی بڕیـاری ڕاگواسـتنی ئـەم ناوچەیـە سـەردانی بەغـدای پایتەختـی عێراقیـان کـرد، بـەڵام لـە هەوڵەکەیـان سـەرکەوتوونەبوون، بەشـێک لـە ئەندامـانی شـاندەکە دەسـتگیرکران، لەئەنجامـدا تـەواوی پشـدەر چۆڵکـرا و دانیشـتوانەکەی بـۆ کۆمەڵـگا زۆرەملێـکان ڕاگوێـزران، ئەمـە سـەرباری هەوڵـەکانی حکومـەت بـۆ فراونکردنـی ناوچـەی چۆڵکـراو تـا شـارۆچکەی ڕانیـەش بگرێتـەوە، بـەڵام داگیرکردنـی کوەیـت و ڕاپەڕینی باشـووری کوردسـتان ئـەم هەوڵانـەی شکسـتپێهێنا (میـراودەلی، ٢٠١٣: ٥٠ – ٥٧).

ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت، لـە ڕووماڵـی بەشـێك لـە هەواڵەکانـدا، زانیاریـەکان زیادەڕۆییـان تێداکـراوە و بـە هەڵـە

نووسراون، بە نموونە: گوندی (سەرسیان) بە شارۆچەكە ناوی هاتووە و دانیشتوانەكەی ژمارەیان بە (١٢) هەزار كەس نوسراوە، لە كاتێكدا لە ئاستی گوندا بووە، تەنانەت ژمارەی دانیشتوانی شارەدێی (بنگرد) و گوندەكانی دەوروبەری، كە گوندی سەرسیانش سەر بەم شارەدێیەبووە لەم ماوەیەدا (٢٦٢٥) كەس بووە، ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، كە ئەوان ناوچەكەیان بە تەواوەتی و بە گوندەكانی سەر بەناوەندی قەزای دوكان و شارەدێی بنگردیان بە یەكەوە هەژماركردوە، كە ژمارەی دانیشتوانی ڕاگوێزراو بە تێكڕای ئەم ناوچانە نزیكەی (١٢) هەزار كەس بووە (محەمەد علی، ٢٠٠٨: ١٩٤)، سەرباری هەڵە لە زانیاریەكانیاندا بە هۆی نەبوونی پەیامنێریان لە ناوچەكەدا و پێدانی هەواڵ و زانیاریەكان لەلایەن كوردەكان، بە مەبەستی زیادبوونی كاریگەریی هەواڵ و ڕووداوەكان هەوڵی زیادكردنی ژمارەكانیاداوە. لەگەڵ ئەمەش ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ڕۆژنامەكاندا هەمیشە لەبابەتی ڕاگواستندا ناوی (قەڵادزێ و ڕانیە) یا (پشدەر و بیتوێن) بەیەكەوە هاتووە، هەمیشە باسی ئەوەكراوە، كە ڕاگواستن شارۆچكەی ڕانیەش دەگرێتەوە، ئەم دوو شارۆچكەیە لەژێر هەڕەشەی ڕاگواستندان، بەڵام شارۆچكەی قەڵادزێ زیادتر تیشكی خراوەتەسەر، بەهۆی ئەوەی بە تەواوەتی بۆ ڕاگواستن ئامادەكراوە و پرۆسەكەی بە كۆتا گەیشتووە، ئەمەش بۆ ئەوەی كاریگەریی بڵاوكردنەوەی ڕووداوەكان فرەوانتربێت، لەم ڕێگەیەوە فشارەكانی حكومەتی بەریتانیا لەسەر حكومەتی عێراق زۆرتربێت (Teimourian, May ١٢, ١٩٨٩: ٨).

هەژیر تەیموریان، كە پەیامنێری ڕۆژنامەی (زە تایمز)بووە، زۆربەی هەواڵەكانی پەیوەست بە كورد و باشووری كوردستانی بڵاوكردووەتەوە، بەشێك لەو هەواڵانەی لە زە تایمزدا بڵاوكراوەنەتەوە، لە ژێر كاریگەریی كوردبوونی ئەو دابوونە، كە لەخەمی كێشەی نەتەوەكەیدا بووە، لەیەكێك لەوتارەكاندا لە ژێر ناوی ‹‹نەهامەتی كوردان›› بڵاویكردووەتەوە، ئاماژەی بەوەكردووە بەئامانجی بەعەرەبكردنی ناوچەكانی كوردستان و جینۆسایدی كورد، حكومەتی بەعس دەستی بە چۆڵكردن و ڕاگواستنی چەندین گوند و شارۆچكە كردووە، بڵاوكردنەوەی ئەم هەواڵانە و زەقكردنەوە و بەرچاوخستنی بابەتی چەوساندنەوەی ڕەگەزی بە مەستی زیادكردنی كاریگەری بووە لە بارەی تێڕوانینی گشتی بەریتانیا و زۆربوونی فشارەكان لەسەر حكومەتی ئەم وڵاتە (Teimourian, June ١٢, ١٩٨٩: ١٢).

ئەگەرچی حكومەتی بەریتانیا پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەبووە، بەڵام بەشێك لە ڕۆژنامەكانی بەریتانیا، بە گرنگییەوە كاریان لەسەر كێشەی كورد كردووە، كوردیان وەك قوربانی نیشانداوە، ئاماژەیان بە وێرانكردنی نزیكەی (٣) هەزار گوندی كوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە كردووە، تەنانەت لەبابەتی ڕاگواستن و بەعەرەبكردنی كورددا، بۆتە نموونەی باڵا بۆ ڕووداوەكانی دیكە، كاتێك باسی داگیركردنی كوەیت دەكرێت، لەلایەن حكومەتی عێراقەوە، ئاماژە بە مەترسی ئەگەری پیادەكردنی هەمان سیاسەتی حكومەتی عێراق بەرانبەر بە دانیشتوانی كوەیت كراوە، ترسی ئەوە نیشاندراوە، كە ئەگەر هەیە، هاوشێوەی كورد، كوەیتیەكان ڕابگوێزرێن (Teimourian,September ١٩, ١٩٩٠: ١١).

لە مانگی (٢ ئابی ١٩٩٠) سوپای عێراق كوەیتی داگیركرد، كردی بە پارێزگایەك لە عێراق، ئەم ڕووداوە كاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێكەوتەوە، لە (كانوونی دووەمی ١٩٩١) بە سەرۆكایەتی ئەمەریكا هێرش كرایە سەر هێزەكانی عێراق، لە خاكی كوەیت پاشەكشەیان پێكردن، عێراقیان ناچاركرد، كە گشت بریارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش تایبەت بەم جەنگە قبوڵ بكات (بن عبدالعزیز، ١٩٩٧: ٣٧٢)، لە ژێر كاریگەریی ئەم ڕووداوەدا، لە

ئەنجامی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، بەچەند مانگێك پێش ڕاپەڕین ڕووماڵی ڕووداوەکانی کوردستان و عێراق زیادتر گرنگیان پێدراوە، لەم ماوەیەدا ڕووداوی پەلاماردانی ناوچەکانی باشوور و کۆچی دانیشتوانی کوردی بەغداد بۆ پارستنی گیانیان لەپەلاماری هاوپەیمانان و پەنابردنیان بۆ شارە کوردییەکان باسکراوە، ڕۆژنامەی زە تایمز هەواڵێکی لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە لەندەنەوە وەرگرتووە، باس لەوەدەکات، لەترسی هێرشی هاوپەیمانان هاوڵاتیانی کورد ماڵەکانی خۆیان لەناوچەکانی نێوەڕاستی عێراق بەجێهێشتووە و لەکەمپەکاندا نیشتەجێبوونە (The Times, January ٢٢, ١٩٩١: ٢).

یەکێك لەو ڕۆژنامانەی، زۆرترین بابەتی، لەبارەی کورد نووسیوە بەراورد بە ڕۆژنامەکانی دیکە، (زە ئندیپێندنتە)، ئەم ڕۆژنامەیە لە ماوەی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش، زۆرترین بایەخی بە ڕووداوەکانی کوردستان داوە، چەندین بابەت و وتاری لەسەر ڕووداوەکانی بەر لە ڕاپەڕین بڵاوکردووەتەوە، بە تایبەتی بابەتی مافی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی کەنداو، زە ئندیپێندەنت نامەی کەسێکی بە ناوی (تێرێس ریچاردز)، کە بۆ (حیزبی کرێکارانی بەریتانیا)ی ناردووە، بەناونیشانی ‹‹مافەکانی کورد››، بڵاوکردووەتەوە، لەم نامەیەدا ئاماژە بەوەکراوە، کورد سوودمەندی سەرەکی دەبێت لە تێکشکاندنی رژێمی بەعس، دەبن بە خاوەن دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا، لەگەڵ ئەمەدا ئاماژە بە چەوساندەوەی کورد لە تورکیا کراوە، کە ئەم وڵاتە لەبەر کێشەی کورد لە نێوخۆیدا ڕێگەی بەسەربەخۆی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نادات، بۆئەوەی لە ئایندەدا کوردەکانی تورکیا داوای سەربەخۆیی نەکەن (Richards, February ٠٣, ١٩٩١: ١٧).

زە ئندیپێندنتە لە بابەتێکدا بە شێوەیەکی کۆمیدی ئاسا، باسی سیاسەتی دوانەیی ڕۆژئاوای کردووە، ڕەخنە لە بەهاناوەنەچوونی کورد دەگرێت، کاتێك ڕژێمی سەدام بە چەکی کیمیاوی پەلاماریداون و مەترسی قڕکردنیان لەسەر بووە، بەڵام بە پێچەوانەوە بەهانای کوەیتەوە چوون و پاڵپشتیان لێکردوون، ئەمەش لەلایەک جۆرێك بووە لە ڕەخنەگرتن لە ڕۆژئاوا، لەلایەکی دیکە ئاگادار کردنەوەیان بووە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی لەنێوبردنی کورد بە چەکی کیمیاوی (Kngton,February ٠٤, ١٩٩١: ١٨).

بە تێڕوانینی ئەم ڕۆژنامەیە، پێویستە زیادتر پشتگیری کورد بکرێت، چونکە داهاتوویان لەپاش دەسەڵاتی سەدام لە ئۆتۆنۆمیش تێدەپەڕێت، دەگاتە ئاستی سەربەخۆیی، ئەم تێڕوانینە لە (لوتکەی ئابوریی داڤۆس)١(٢) گەنگەشە کراوە، کە کوردەکان لەدوای رژێمی بەعس دەتوانێت سەربەخۆیی بەدەستبهێنن ئەگەرچی ئەمە بە توندی لەلایەن تورکیا و ئێران دژایەتی دەکرێت، هاوپەیمانانیش ئەم پلانەیان لە بەرنامەدا نییە، چونکە هاوپەیمانان کورد بە سەرچاوەی سەقامگیری عێراقی دوای سەدام دادەنێن، کە دەتوانن باڵانسی نێوان شیعە و سوننە ڕابگرن، چونکە شیعەکان دەکەونە ژێر هەژمونی ئێران، سونەکانیش لەژێر هەژمونی سوریا و میسردا دەبن، بەڵام وەك ڕۆژنامەکە ئاماژەی پێکردووە، کە سەرکردەکانی کورد خوازیاری سەربەخۆیین و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی دەدەن (Savill, February ٠٥, ١٩٩١: ٤).

لەماوەی پەلاماری هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، ڕووداوەکانی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا گرنگیان

---

[1] ١ هەژیر تەیموریان: بە ڕەچەڵەک کوردە لە ساڵی (١٩٤٠) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، یەکێک بووە لە و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی، کە بایەخی بە ڕووداوەکانی ڕۆهەڵاتی نێوەڕاست داوە، لە ماوەی ساڵانی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی بیست کاری لە ڕۆژنامەی (زە تایمز) کردووە. بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە: (Teimourian, 2021).

پێدراوە، وەکو بابەتی هاتنی ئاوەرەی ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ کوردستان بووە، کە لەئەنجامی پەلاماردانی هاوپەیمانان زیانیان پێگەیشتووە، سەرباری چەندین ڕووداوی دیکە، کە لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە، بە ڕۆژنامەکان دراوە، وەك مردنی بەشێك لە کوردەکانی کەمپی (باسرمە) لە نزیك (شەقڵاوە) و هەرەشەکانی پارێزگاری سلێمانی لە دانیشتوانی ئەم شارە، کە ئەگەر هاوکاری هاوپەیمانان بکەن، ئەوە چارەنووسیان هاوشێوەی چارەنووسی هەڵەبجەییەکان دەبێت، کە بەچەکی کیمیاوی بۆمبارانکران(Teimourian, February ٠١, ١٩٩١: ٢).

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی لە ڕۆژنامەی زە تایمزدا بڵاوکراوەتەوە، ڕاگەیاندنی کەمپەینی ڕزگارکردنی کوردستانە، کە لەلایەن ژمارەیەك لە کۆمەڵە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە، تێیدا داوای دەوڵەتی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا دەکەن، ئەوەی تێبینی دەکرێت بابەتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە پارچەکانی کوردستاندا بەبێ لەبەرچاوگرتنی نیگەرانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە بڵاوکراوەتەوە، تەنانە لە بابەتێکدا بە دروشمی›› گەلێکی بێ دەوڵەت›› زۆر بەڕوونی و بەکورتی باسی نەهامەتییەکانی کوردستان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا کراوە، وەکو کارەساتی هەڵەبجە لە باشوور و ڕاگواستنی کوردەکان لە باکوور و داماڵینیان لە ڕەگەزنامە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا (The Times, ١٩٩١: ٩).

کێشەکانی سوپای عێراق لە ماوەی جەنگی کوەیت، هەڵاتنی بەشێک لە ئەندامانی، بانگەوازی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا (جۆرج بۆش) لە (١٥ شوباتی ١٩٩١)، کە داوای لەخەڵکی عێراق کرد لە دژی سەدام حسین ڕاپەڕن، هانی هێزە کوردییەکانی دا، پەیوەندی بە هاوپەیمانانەوە بکەن، لەم بارەیەوە هەماهەنگی یەکدی بکەن (مەحمود، ٢٠٠٩: ٦٢)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لە ڕۆژنامەکاندا، زەئیندپێندەت ئاماژەی بەوە کردووە، هاوپەیمانان خوازیاری هاوکاری سەربازین بۆ کورد بۆ ئەوەی لەدژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕن، بەڵام تورکیا گرفتە لەبەردەم ئەم هاوکارییەدا، لە درێژەی بابەتەکەدا ڕۆژنامەکە باسی لەوەکردووە، کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە نێو هاوپەیمانانـدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە وتوێژکردن لەگەڵ گروپ و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد بۆ قسەکردن لە بارەی ڕۆڵی ئەوان لە دوای شەڕی کەنداودا (Savill, February ٠٨, ١٩٩١: ١).

دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە (١٨ تەمموزی ١٩٨٧)، کۆکردنەوەی پارت و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارە کوردییەکان لەم یەکێتیە سیاسی و سەربازییەدا، ڕەنگدانەوەی گەورەی بەسەر توانای هێزە کوردییەکاندا هەبوو، سەرکردایەتی ئەم بەرەیە لە پێش ڕاپەڕین هەوڵە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی دەستپێکرد و ڕۆڵی گەورەیان لە ئازادکردنی شارەکانی باشووری کوردستاندا بینی (عەبدولکەریم، ٢٠١١: ١٨٥ - ١٨٦). دروستکردنی بەرەی کوردستانی لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە لەپێش ڕاپەڕین، کۆکردنەوەی هێزە کوردییەکان بە یەکەوە، بە تایبەتی هەردوو هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشیمانی کوردستان، دەستنیشانکردنی (جەلال تاڵەبانی)، وەك نوێنەر بۆ کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە (ڕیاز)ی پایتەختی (سعودیە)، لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا بایەخی پێدراوە، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە کورد هەوڵی داوە لەم ڕێگەیەوە بە ئامانج بگات، لەگەڵ ئەمەدا خوازیارن لەگەل سوننەکاندا پەیوەندییەکی پتەویان لە عێراقی ئایندەدا بۆ بەربەستکردنی ڕەوتی ڕادیکاڵی زۆرینەی شیعەکان هەبێت (Teimourian, February ٢٦, ١٩٩١: ٤).

لە (ئەیلولی ١٩٩٠) حکومەتی فەرەنسا پێشوازی لە شاندی هێزە کوردییەکان کرد، بە شێوەیەکی فەرمی داخوازییەکانی سەرکردایەتی کوردیان وەرگرت، ئەم هەوڵەش بە دەستپێشخەری (دانیاڵ میتەران) خێزانی (فرانسۆ

میتـەران) سـەرۆک کۆمـاری فەرەنسـا بـوو، ئەمـە هیـوای لای کـورد دروسـتکرد، کـە فەڕەنسـا دەتوانێـت مافـەکانی بەدیبهێنێـت (نورەدینـی، ٢٠٠٣: ١٨٠ - ١٨١)، کاتێـک ڕۆژنامـەکان بـاس لـە قۆناغـی دوای سـەدام دەکـەن، ئـەوە دەردەخـەن، کـە کـوردەکان خوازیـاری دەسـتەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردنـن، تاکـە لایەنـن خاوەنـی هێـزی سـەربازی بـن لەسـەر خاکـی عێراقـدا، بـەڵام ئـەوان ئامـادەی تەواوەتـی خۆیـان بـۆ هاوکاریکـردن لەگـەل هاوپەیمانـان دەرنەبڕیـوە، بۆیـە گومـان لـە پێگـەی کـورد لـە ئاینـدەی عێراقـدا هەیـە، لەبەرئـەوەی نەبوونەتـە بەشـێك لـە ململانـێ هەرێمییەکان، کـوردەکان خوازیـاری ئـەوەن بەڕیتانیا و فەرەنسـا هاوکاریانـبن بـۆ بەدیهێنـانی مافەکانیـان، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە بـۆ یەکەمیـن جـار ئامـاژە بـۆ ئـەوە کـراوە، کـە تورکیـا خوازیـاری ئەوەیـە باشـووری کوردسـتان بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە، بـەڵام ئـەم پێشـنیازە لەلایـەن ئەمریـکاوە ڕەتکراوەتـەوە (Morris, February ١١, ١٩٩١: ١٩). تورکیـا ئـەم ناوچـەی بـە بەشـێک لـە خاکـی تورکیـا دانـاوە، دانیشـتوانەکەی بـە هـاووڵاتی تـورک هەژمارکردوونـە، هەوڵـی دەداوە لەڕێگـەی دروسـتکردنی کۆنفیدراڵـی باشـووری کوردسـتان، یەکگرتنـی لەگـەڵ تورکیـادا ئـەم ناوچانـە بەدەسـتبهێنێتەوە، بـەڵام بەهـۆی خواسـتی ئەمەریـکا بـۆ دابەشـنەبوونی عێـراق و تـرسی کاردانـەوەی وڵاتـانی هەرێمـی، ئـەم داواکاریـەی تورکیـا ڕەتکرایـەوە (ماکـداول، ٢٠٠٥: ١٣١؛ حەسـۆ، ٢٠٠٨: ٨٠).

بـەر لـە ڕووداوەکان ئەگـەری بەهێزبوونـی کـورد لـە دوای لاوازبوونـی سـوپای عێراقـی بـە تایبـەت لـە دوای جەنگـی کەنـداو، دامەزرانـدنی سیسـتەمێکی ئۆتۆنۆمـی، بـە بایەخـەوە باسـکراوە و بـە گرنـگ بـۆ داهاتـوی عێـراق دانـراوە، بەشـێك لـە ڕۆژنامـەکان بـە بایەخـەوە لـەم بابەتەیـان ڕوانیـوە، ڕەوایەتیـان داوەتـە ئـەو خەباتـەی کـورد لـە دژی دەسـەڵاتدارانی عێـراق دەیـکات، بـە خەباتێـک بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ ناوزەندیـان کـردووە، سـەرباری بـە خـراپ وەسـفکردنی ترسـی هێـزە هەرێمایەتییـەکان لـە بەهێزبوونـی کـورد، ئەمـەش لـە نامـەی یەکێـك لـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی لۆرداتـی بەڕیتانیـان بەنـاوی (لـۆرد جـۆن کیلبراکیـن) کـە لـە (٢٧ی شـوبات)دا بـۆ ڕۆژنامـەی زە تایمـزی نـاردووە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە تورکیـا نیگەرانـە لـەوەی کـوردی عێـراق پەیوەنـدی لەگـەڵ کـوردی پارچـەکانی دیکـە ببەسـتن، سـنووری ناوچـەکان ببەزێنـن، بـە تێڕوانینـی لـۆرد کیلبراکیـن، ئـەم نیگەرانییـە لـە جێگـەی خۆیدانیـە چونکـە کـورد یـەك گـەل بوونـە، پێشـتر پەیوەندییـان لەگـەل یەکدیـدا هەبـووە، بـەڵام خاکـی ئـەوان دابەشـکراوە، لەبەرئەمـە نیـازی ئەوەیـان نییـە لەگـەڵ پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان هەوڵـی دامەزرانـدنی کیانێـک بـدەن، بـەڵام شایسـتەی ئـەوەن خۆیـان خـاوەن دەسـتەڵاتی خۆیـان بـن، حوکمـی خۆیـان بکـەن و ببنـە خـاوەن دەسـەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەریـی تـەواو لـە عێراقێکـی دیموکراتـی فیدراڵیـدا (Kemp, March ٠٤, ١٩٩١: ١١).

ئـەم تێڕاوانینـەی لەلایـەن ڕۆژنامـەکان و کەسـانی نزیـك لـە ناوەنـدەکانی بڕیاربەدەسـتی بەڕیتانیـا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، ئەوەمـان بـۆ دەردەخـەن، کـە پێـش ئـەوەی کـوردەکان خۆیـان باسـی فیدراڵییەتـی عێـراق و خۆبەڕێوەبـەری بکـەن، لەلایـەن ناوەنـدە سیاسـییەکانی بەڕیتانیـاوە ئـەم بابەتـە وروژێـنراوە، چونکـە کـورد خـۆی لـە ڕێکـەوتی (٤ ئۆکتۆبـەری ١٩٩٢) بڕیـاری فیدراڵـی لـە ئەنجوومـەنی نیشـتیمانی کوردسـتان پەسـەندکرد، داوای عێراقێکـی فیدراڵـی کـردووە (حەمـە کەریـم، ٢٠١٣: ٥١).

هەفتەیـەک بـەر لـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕی ڕزگارکـردنی کوەیـت کۆمیتەیەکـی ڕێکخسـتن لـە ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق بـە مەبەسـتی ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس و دابینکـردنی مافەکانی کـورد پێکهێـنرا، پاشان بـۆ هەمـان مەبەسـت لـە (١١ ئـازاری ١٩٩١) لـە لوبنـان گۆنگـرەی خۆیـان بەسـت (مسـتەفا، ٢٠١٨ – أ: ٥٠ – ٥١)، هەوڵدانـی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی

بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دروستکرنی حکومەت لە دەرەوەی وڵات، هەوڵەکانی کورد بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خۆیان بوون بەباسی ڕۆژنامەکان، ئەوەیان خستووەتەڕوو لە گفتوگۆکانی ئۆپۆزسیۆندا بەرەی کوردستانی، کە نوێنەرایەتی (سێ ملیۆن و نیو) کورد دەکات، نوێنەری هەیە و داوای (٧) کورسی لە کابینەی حکومەت پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس دەکات، ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئۆپۆزیسیۆن لە نێویشیاندا کورد، پێیان وایە حکومەتی عێراق شکستیهێناوە و سیستەمی ئاسایشی وڵات تێکچووە، ئێستا ئەندامانی هێزە نەیارەکانی سەدام بە ئاسانی لە نێوان بەغداد و سلێمانی دا هاتوچۆدەکەن، جگە لە تیشکخستنە سەر وازهێنانی (١٠٠) هەزار کورد لە سوپای عێراق، ئەمەش ئومێدی زیادتری بە شکستی سەدام، و لەنێوچوونی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی بەخشیوە (Savill, February ٢٨, ١٩٩١: ٤).

لە پێش هێرشی هاوپەیمانان هەڵهاتن لە نێو ڕیزەکانی سوپا عێراق دەستی پێکردبوو، بە دەیان هەزار سەرباز تاوەکو سەرهەڵدانی ڕاپەڕین ڕیزی سوپایان جێهێشتبوو، لەماڵ و شوێنە نهێنیەکان دەژیان، ئەمانە ڕۆڵی کارایان لەکاتی دەستپێکی ڕاپەڕین لە باشوور و باکووری عێراقدا هەبوو (محەمەد، ٢٠١٥، ٨٣ – ٨٤)، لەبەر ئەمە ڕۆژنامەی زە ئیندیپیندانت بە گرنگییەوە باس لە ڕۆڵی کورد بۆ دوای سەدام لە عێراقدا دەکات، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەر سەدام لەنێوبچێت، سەرکردە سەربازییەکان جێگەی دەگرنەوە، بەڵام ئەگەر ئەوان لەگەڵ کورد هاوکارنەبن ناتوانن سەرکەوتووبن (Savill, February ٢٨, ١٩٩١: ٤). لە بارەی داهاتووی عێراق ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕەشبینانەترین سیناریۆ ئەوەیە، ئەگەر سەدام لەنێوبچێت ئەوە عێراق دابەشی سەرگروپە جیاوازەکانی سوننە و شیعە و کورد و تورکمان ببێت، ئەوانیش بە دوای یارمەتی هێزە هەرێمییەکاندا بگەڕێن بۆ ئەوەی بەڕێگەی خوێنڕشتن باڵادەستبن، هەروەك هاوشێوەی سیناریۆی وڵاتی لوبنان، کە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆکردووە (Morris, March ٠١, ١٩٩١: ٢٣).

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا وێنای کوردیان، وەك قوربانی نیشانداوە، هەوڵیانداوە، کورد وەك قوربانی و غەدرلێکراوە بەرچاوبخەن، لە (٢ ئازاری ١٩٩١) چەند ڕۆژێك بەر لە دەسپێکردنی ڕاپەڕین، ڕۆژنامەی زە ئیندیپیندت، وتارێکی بە شێوەی سۆزداری لە بارەی دۆخی کود لە ژێر ناونیشانی ‹‹بۆ کوردان، کۆتاییەکی دڵخۆشکەر نییە››، بڵاوکردووەتەوە، تێیدا باس لە نەهامەتییەکانی کورد کراوە، کە ‹‹کوردەکان جگە لە شاخەکان هاوڕێیان نییە››، گەلێکن مێژوو غەدری لێکردوون، بۆ ئەمەش نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی داناوە، تاوەکو بۆ خوێنەر ڕوونبێت، کە کوردەکان نیشتەجێی کوێن٢(٣)، سەرباری ئاماژەدان بەدابەشکردنی خاکی کورد و ئەو نەهامەتی و ئازارانەی لەسەر بەرژەوەندیی هێزە نێودەوڵەتییەکان چەشتوویانە، بەڵام هیچ کاتێك وەك سەردەمی سەدام ئازاریان نەچێشتووە، ڕۆژنامەکە سەڕەرای هاوخەمی بۆ کورد، ڕەخنەی لە کوردیش گرتووە، ئاماژەی بەوە کردووە، کە خۆیان دوژمنی خۆیانن، بەردەوام لە لایەن دژمنەکانیان لە دژی یەکدی بەکارهێنراون (Morris, March ٠٢, ١٩٩١: ٢٧).

لەگەڵ ئەوەی دۆزی کورد لە میدیای بەریتانیادا بە تایبەتی لە ڕۆژنامەکاندا جێگەی بایەخ بووە، بەڵام ڕۆژنامەکانی (زە سەندەی تایمز و زە گاردیان)، لە ماوەکانی پێش ڕاپەڕیندا هیچ بابەتێکیان لە بارەی دۆخی

[2] ٢ لوتکەی ئابووری داڤۆس: یەکێکە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە بارەگایەکەی لە شاری (جنێف)ی وڵاتی (سویسرا)یە، لە لایەن ئابووری ناس (کلاوس شواب) لە ساڵی (١٩٧١)، وەک دامەزراوەیەکی قازانجنەویستی سەربەخۆ دامەزاوە، کە بایەخ بە ئابووری و بەهێزکردنی حوکمداری لە جیهاندا دەدات، بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەش ساڵانە کۆبوونەوەی خۆی لە شارۆچکەی (داڤۆس) لە سویسرا دەبەستێت. بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە: (The World Economic Forum, 2021).

کورد، نە وەك هەواڵ و بابەتێك پەیوەست بە کورد، نەوەکو بابەتێکی شیکاری ئەوتۆ کە بتوانرێت تێراوینینی ئەم ڕۆژنامانەمان دەستبکەوێت لەبارەی دۆخی سیاسی کورد لە کوردستاندا بڵاونەکردووەتەوە.

باسی دووەم: ڕووماڵی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بۆ ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی باشووری کوردستان

سیاسەتی چەوساندنەوە و نکۆڵیکردنی کورد لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراق، ئەنجامەکانی شەڕی عێراق و ئێران، داگیرکردنی کوەێت و هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق، کوردەکانی هاندا، کە لە (ئازاری ١٩٩١) لە دژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕن و ناوچەکانی خۆیان ئازادبکەن٣(٤) (مەرزنگ، ٢٠٠٤: ٢٣)، خواستی بەشداریکردنی کورد لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ هێرشکردنە سەر ڕژێمی بەعس یەکێك بووە لەو بابەتانەی بەر لەڕاپەڕین لە ڕۆژنامەکان باسی لێوەکراوە، بەڵام وەڵامنەدانەوەی داخوازییەکانی کورد، لەلایەن واشنتۆنەوە، وایکردووە، خۆیان بە بێلایەن لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا بگرن، بە تایبەتی، کە تورکەکانیان بە هۆکاری پشتگوێ خستنیان لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەزانی بە هۆی ترسیان لە کوردەکان، کە گاریگەرییان لەسەر ڕەوشی سیاسی ناوخۆی تورکیا هەبێت (Teimourian, February ٠١, ١٩٩١: ٢).

لە پاش هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق، دەرکردنیان لە خاکی کوەیت، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی عێراق، لە باشووری عێراقدا، بە تایبەت لە شاری (بەسرە)، شارە شیعە نیشینەکانی عێراق لە ڕێکەوتی (٢٨ شوباتی ١٩٩١) ڕاپەڕین (ڕەسوڵ، ١٩٩٤: ٢٦ – ٢٨)، ئەمە کاریگەریی بەسەر هێزە کوردییەکانەوە هەبوو بۆئەوەی بەیەکەوە دژی ڕژێمی بەعس بوەستنەوە، کوردیش بە هەمان شێوەی هێزە شیعەکان دەستی بە ڕاپەڕین و بەرخودان لە دژی بەعس کرد، ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە هەرزوو تەشەنەیسەند، بە جۆرێک زۆربەری ناوچە کوردییەکانی گرتەوە. ڕاپەڕینی باشووری کوردستان هەرزوو لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە و بە بایەخەوە باسکراوە.

لە ڕێکەوتی (٥ ئازاری ١٩٩١) ڕۆژنامەی زە تایمز بە ناونیشانێک ئاماژەی بەوە کردووە، کە کورد لە ناوچەکانی سلێمانی و موسڵ لە دژی دەسەڵاتی بەعس ڕاپەڕیون، چوونەتە پاڵ ڕاپەڕینەکانی باشووری عێراق، ئەمەی بە نەخشەیەك٤(٥) خستووەتەڕوو (Binyon, March ٠٥, ١٩٩١: ١)، وەتوانیویانە، تا ڕێکەوتی (٧ ئازاری ١٩٩١) پێنج شار ڕزگار بکەن، بیانخانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە (Jenkins, March ٠٧, ١٩٩١: ١)، ئەوەی تێبینی دەکرێت، ڕۆژنامەکە ڕاپەڕینی باشووری کوردستان هەر لە چوارچێوەی ڕاپەڕینی گەلانی عێراقدا دەبینێت، نەك ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی و ڕاپەڕینی گەلێك لە دژی زوڵمی بەعسییەکان، لەگەڵ باسکردنی ڕاپەڕینی کورد باسی شارەکانی باشووری عێراقیش کراوە، چونکە بەر لەدەسپێکردنی ڕاپەڕین سەرکردایەتی کورد و بەشێک لە هێزە شیعەکان پێوەندییان بە یەکەوە هەبووە بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لەسەرتاسەری عێراقدا، بەڵام ڕێکنەکەوتن لەسەر پلانێکی هاوبەش بۆ ڕاپەڕین، وایکرد هەر لایەک بەجیا لە ناوچەکانی خۆیان ڕاپەڕین ئەنجامبدەن

[3] ٣ بۆ زانیاری زیادتر لەسەر نەخشەی نیشتەجێبوونی کورد، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١).

[4] ٤ لە ئەنجامی سیاسەتی جینۆسایدی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعس و هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر ئەم ڕژێمە، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاریدا ڕۆژی (٧ ئازاری ١٩٩١) ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی بەعس لە شاری سلێمانی دەست پێ بکات، بەڵام پێش ئەم ڕێکەوتە، و لە (٥ ئازاری ١٩٩١) جەماوەری شاری (ڕانیە) ڕاپەڕین، و توانرا تا ڕێکەوتی (٢١ ئازاری ١٩٩١) زۆرینەی خاکی باشووری کوردستان بە شاری کەرکوکیشەوە ئازاد بکەن. بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە: (مستەفا، ٢٠١٨ – ب: ١٦).

(مەحمەد، ٢٠١٥: ٩٠). ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە، کە لە دیدی واشنتۆندا ڕاپەڕینی کورد و شیعەکان درێژە بە دەسەڵاتی سەدام دەدات، کە هەموو شتێك بۆ دورخستنەوەی عێراق لە دابەشبوون دەکات (Binyon, March ٠٩, ١٩٩١: ٨)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ترسی لە ڕووخاندنی حکومەتی عێراق هەبوو، لەو باوەڕەدابوو لە پاش ئەو ڕاپەڕینانە بە لوبنان بوونی عێراق دروست دەبێت هەر هێزێکیان پاڵ بەوڵاتێکی هەرێمی دەدا، لەبەر ئەمە ئەمریکا چاوپۆشی لە هەوڵەکانی سەدام حسین کرد بۆ ئەوەی ڕێگە لەم دابەشبوونەی عێراق بگرێت (مستەفا، ٢٠١٨ – ب: ١٧٣ – ١٧٦).

لە ڕوومالّی ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا، هەواڵەکانی شاری کەرکوك بایەخی پێدراوە، زۆرترین راپۆرت لەبارەی ئەو شارەوە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، بێگومان ئەمەش بۆ بایەخی پێگەی ستراتیژیی شاری کەرکوك لە ڕووی ئابووری و دەوڵەمەندە بە نەوت دەگەڕێتەوە، لەبەرئەمە ڕزگارکردنی ئەم شارە بایەخی سیاسی خۆی هەبووە، هاوکات بۆ هێزە هەرێمییەکانیش جێگەی بایەخبووە، بە تایبەت بۆ وڵاتێکی وەکو تورکیا، کە هەرلەسەرەتاوە لە میدیاکانی تورکیا باس لە مەترسی کورد بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەم وڵاتە کراوە (Kemp, March ٠٤, ١٩٩١: ١١).

ڕۆژنامەی زە تایمز لە سەردێری بابەتەکەیدا نووسیویەتی، کە شۆڕشگێران گەنگەشەی شەش شاری ڕزگارکراو دەکەن، لە دەستگرتن بەسەر شاری کەرکوك وەک ناوەندێکی پیشەسازیی نەوتی عێراق نزیکبوونەتەوە، ئاماژەی بەوەش کردووە، کە بەرەی کوردستانی رایگەیاندووە نزیەکی (٥) هەزار سەربازی عێراقی دەستگیرکراون (Binyon, March ١١, ١٩٩١: ١١). ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کاتی ناوهێنانی ناوچە ڕزگاربووەکاندا بە هیچ جۆرێك ناوی شارۆچکەی ڕانیە نەهێنراوە، بەڵکو ئاماژە بە شارۆچکەکانی کۆیە، ئاغجەلەر، کفری، بازیان و چەمچەماڵ کراوە، لەبەرئەوە شارۆچکەی ڕانیە یەکەم ناوچە بووە، کە ڕاپەڕینی تێدا ئەنجامدراو و ڕزگارکراوە، سەرباری ئەمە ڕۆژنامەکان لەو کاتەدا پەیامنێریان لە ناوچەکە نەبووە، تا زانیارییەکانیان بۆ بگوازێتەوە، لەڕووی هەواڵیشەوە ئازادکردنی ئەم شارۆچکەیە بایەخی نەماوە، بەڵکو زیادتر قورسایی هەواڵەکانیان خستووەتە سەر ئەو ناوچانەی ڕۆژانە لەلایەن ڕاپەڕیوانی کوردەوە ڕزگارکراون.

ڕۆژنامەی (زە گاردیان) لە هەواڵێکدا لەژێر ناونیشانی›› کورد بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێگا سەرەکییەکان تێدەکۆشێت‹‹، لە (١٦ ئازار) بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوەکراوە، هێزەکانی کورد بۆ گەیشتن بەڕێگای سەرەکی کەرکوك زۆر بە توندی لە دژی هێزی بەغداد شەڕ دەکەن، بە هۆی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، وەک شارۆچکەکانی جەلەولا، کەلار، کفری و دوزخورماتوو، چەمچەماڵ و شا ڕێگاکانی کەرکوک، کوردەکان نەک هەر ئەم ناوچانە، بەڵکو دەتوانن زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق، تا نزیک بەغدای پایەتەخت دەستبەسەرداگرن. ڕۆژنامەکە لەسەر زاری وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی ڕووداوەکانی ناوچەکانی بادینانی کردووە، کە هێزەکانی عێراق لە دهۆك خۆیان ڕادەستی هێزەکانی کورد کردووە ، ئەم هێزانە توانیویانە بەبێ هیچ بەرگرییەك بچنە نێو دەروازەی (خابور) لە سەر سنووری تورکیا نزیك لە (جزیرە)، ئاڵای عێراق دابگرن، ئاڵای سەوز و سوری خۆیانی تێدا هەڵبکەن، لەگەڵ ئەمە ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ ناهەمواری و خراپی دۆخی کوردستان دەکات لەو کاتەدا، کە تەنیا برێکی کەم دەرمان و خۆراك لە سەرەتای دەستپێکی ڕاپەڕینەوە گەیشتووەتە کوردستان، لەو باوەڕەدابووە، کە بە هۆی نەبوونی خۆراک و ڕێگای پێویست بۆ گەیشتنی

هاوکارییـەکان، ئەگـەری کێشـەی کەمـی خـۆراک بـۆ دانیشـتوانی کوردسـتان، کـە ژمارەیـان لـە نێـوان (٢.٥- ٣.٥) ملیـۆن کـەس دەبێـت دروسـتببێت، چونکـە تاکـە ڕێگـە، کـە هـاوکاری پێـدا دەڕوات سـنووری سـوریایە، کـە ئەمیـش بـە هـۆی ڕوبـاری دیجلـەوە کێشـەی بـۆ دروسـتبووە، لەبـەر ئەمـە باشـترین سـنوور بـۆ ناردنـی هاوکارییـەکان سـنوورەکانی نێـوان ئێـران و تورکیـان (Martin, Mar ١٦, ١٩٩١: ٢٨).

خراپـی ڕەوشی ئابـووری لـە پێـش ڕاپەڕیـن ناوچـەکانی عێراقـی گرتبـۆوە، عێـراق لـە ئەنجامـی جەنگـی هەشـت ساڵەی لەگـەڵ ئێـران و داگیرکـردنی کوەیـت و گەمـارۆی ئابـووری بـە قۆناغێکـی سـەختدا تێپەڕیـوە، ئـەم بارودۆخە پاش ڕاپەڕیـن لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان بـەردەوام بـووە، خەڵکـی لـە ژیانێکـی سـەخی ئابووریـدا ژیـاون و نرخـی کەلوپـەل و خزمەتگوزارییـەکان کـەم و گـران بوونـە (مسـتەفا، ٢٠١٨ – أ: ١١١ – ١٢٠). ئەمـەش دەرخـەری جۆرێـک لـە هاوخەمـی ڕۆژنامـەی زە گاردیانـە بەرانبـەر بـە لێکەوتەکانـی ڕاپەڕیـن، بـە ئاگاهێنانـەوەی خوێنـەران و ڕۆژئـاوا بـووە لەبـارەی ئەگـەری ڕوودانی ڕووداوی مرۆیـی لـە ناوچەکـەدا. ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت ڕۆژنامەکـە لـە مـاوەی ڕووداوەکانـی ڕاپەڕینـدا تەنیـا یـەك بابەتـی لەسـەر ڕاپەڕیـن بڵاوکردووەتـەوە، تـەواوی بابەتەکـەش زانیاریـی هەواڵییـە لەسـەر بەشـێك لـە ڕووداوەکانـی ئـەو ماوەیـەی ڕاپەڕیـن، بـەڵام ئـەوەی بابەتەکـەی زە گاردیـان جیادەکاتـەوە، ئەوەیـە کـە بایەخـی بـە دۆخـی ئابـووری و ژیانـی دانیشـتوان کوردسـتان داوە، ئامـاژەی بـە ئەگـەری سـەرهەڵدانی کێشـەی مرۆیـی کـردووە، لـە کاتێکـدا زۆربـەری ڕۆژنامـەکان تەنیـا هەواڵـی سیاسـی و سـەربازییان بڵاکردووەتـەوە، کەمـتر بایەخیـان بـە بابەتـی دیکـە داوە.

لـە (١٧ ئـازاری ١٩٩١) سـەدام حسـین هەڕەشـەی لـە کـورد کـرد، هەوڵـە بـێ ئاکامـەکانی پێشـتری بیرخسـتنەوە، کـە لـەکاتی هێـرشی هێـزەکانی عێراقـدا بـۆ سـەر کوردسـتان لـە ئەنفـال و جینۆسـاید بەسـەریان هاتـووە (ئەسەسـەرد، ٢٠١٢: ١٦٨)، لـەم چوارچێوەیـەدا ڕۆژنامـەی (زە سـەندەی تایمـز) یەکەمیـن بابەتـی لـە بـارەی ڕاپەڕینـی کـورد، بەناونیشـانی ‹› سـەدام بەڵێنـی تێکشـکاندنی کـورد دەدات›› بڵاوکردووەتـەوە، بابەتەکـە بـاس لـە گوتارێکـی سـەرۆکی ڕژێمـی بەعـس کـردووە، کـە لـە گوتارێکـی تەلەفزیۆنیـدا پێشـکەشی کـردووە، تێیـدا هەڕەشـەی لـە کـوردی عێـراق کـردووە، ئامـاژەی بـەوە داوە، کـە چارەنوسـی ئەوانـەی ڕاپەڕیـون هاوشـێوەی چارەنوسـی کـوردەکان دەبێـت لـە پێشـوودا، بـە تێڕوانینـی ڕۆژنامەکـە مەبەسـتی سـەدام ئـەو (٤) هـەزار کوردەیـە، کـە لـە مـاوەی سـاڵانی پێشـودا لـە پەلامـاری کیمیابارانـدا ژیانیـان لەدەسـتداوە، ئـەم وتانـەی سـەدام حسـێن لـە دوای ئـەوە هاتـووە کـە کـورد توانیبـووی لـە (٩٥٪) ی ناوچەکانـی خۆیـان ڕزگاربکـەن، شـارە گرنگـەکان بـە تایبەتـی شـارۆچکەی سـنووری زاخـۆ بخەنـە ژێردەسـتی خۆیـان (Colvin and Cassidy, March ١٧, ١٩٩١: ٢٤).

ڕۆژنامــەی زە تایمــز لــە ڕۆژی (١٨ی ئــازار)دا ئــەوەی ڕاگەیانــدووە، کــە (جــەلال تاڵەبانــی) لــە (دیمەشــق) ڕایگەیانـدووە، کـە لـە (٩٥٪) ی ناوچەکانـی کوردسـتان ڕزگارکـراون، لەبەردەسـتی شۆڕشـگێراندایە، وتوشـیەتی ‹›ئەگـەر سـەدام خوازیاریـی پاراسـتنی عێراقـە، پێویسـتە دەسـتبەرداری دەسـەڵاتبێت، ئەمـڕۆ نـەك سـبەی›› (Ellicott, March ١٨, ١٩٩١: ١).

لەئەگـەری بۆمبارانکردنـی کوردسـتان بـە چەکـی کیمیـاوی و فسـفۆر لـە لایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە، کـورد هەڕەشـەی تەقاندنـەوەی بەنـداوەکانی (دوکان و دەربەندیخـان) کـردووە لەپـاش ئـەوەی شۆڕشـگێڕانی کـورد نزیکبوونەتـەوە لـە

ڕزگارکردنـی کەرکـوك، ئەمـەش لـە ڕۆژنامـەی زە تایمـزدا بـە نەخشـە٥(٦) بڵاوکراوەتـەوە و بـە هەرەشـەی کـورد بـۆ سـەر بەنـداوەکان باسـکراوە، کـە لـە ئەگـەری تەقاندنەوەیـان دەبێتـە هـۆی ڕاماڵینـی شـاری بەغـداد (The Times, ٢٠ March, ١٩٩١: ١). دەکـرێ بگوترێـت ئـەم ڕووماڵـە بـە جۆرێـك لـە ناشـیرن نیشـاندانی ڕاپەڕینـی کـورد بـووە لەسـەرەتای بەئەنجـام گەیشـتنی خەباتەکەیـدا، چونکـە لـە ئەگـەری سـەرگرتنی ئـەم ڕووداوە دەبـوو بـە تاوانێکـی گـەورەی نێودەوڵـەتی و پشـتتێکردنی دەوڵەتـان لـە دۆزی کـورد. لـە سـەرەتای مانگـی (نیسـانی ١٩٩١) لـە تۆڵـەی تاوانـەکانی حکومـەتی عێـراق لـە دژی کـورد سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی بڕیاریـدا تۆربایـنـەکانی وێسـتگەی کارەبـای دەربەندیخـان بتەقێنێتـەوە، هەمـوو دەرگایـەکانی بەردانـەوەی ئـاوی ئـەم بەنـداوە بکرێنـەوە و ئاسـتی ئـاوی بـەرزبکراوە بەرزبێتـەوە بۆئـەوەی زیانێکـی زۆر لـە نێوەڕاسـتی عێـراق و شـاری بەغـداد بکەوێـت، بەربەسـت لەبـەردەم پێشـڕەوی هێـزە سـەربازییەکانی ڕژێمـی بەعـس دروسـت ببێـت (مشـیر، ٢٠٠٣: ١٥١).

بـۆ یەکەمیـن جـار ڕۆژنامـەی زە تایمـز لـە ڕۆژی (٢٠ ئـازار)دا بـاس لـە ڕزگارکردنـی شـاری هەولێـر و هەواڵـی گەیشـتنی ڕاپەڕیـن و تێکچوونـی بارودۆخـی موسـڵ لەلایـەن شۆڕشـگێرانەوە کـراوە، ڕایگەیانـدووە شـارە کـوردی و عەرەبـی و مەسـیحییەکان ڕاپەڕیـون، دەسـتیان بەسـەر شـەقامەکاندا گرتـووە، زە تایمـز ئـەوەشی بڵاویکردووەتـەوە، کـە یەکێـك لـە سـەرکردەکانی کـورد بەبـێ ناوهێنانـی پێشـبینی ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـسی کـردووە، ڕایگەیانـدووە، کـە سـەدام دەڕوخێـت، سـوپاکەی پەرتـەوازە دەبێـت، بەهـۆی ئـەوەی کـە تەنیـا لـە کوردسـتاندا (١٠٠) هـەزار سـەرباز خۆیـان ڕادەسـتی هێـزەکانی کـورد کـردووە (Binyon, March ٢٠, ١٩٩١: ٢٨).

ڕزگارکردنـی کەرکـوك و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان، جێگـەی بایـەخ بـووە، بـە شـێوەیەک وەسـفکراوە، کـە ڕزگارکردنـی سـەرجەم شـارەکانی کوردسـتان لەلایـەن کـورد بـۆ یەکەمیـن جـارە ڕوودەدات، کـە بتوانـن خۆیـان شـارەکانیان ڕزگاربکـەن، بیانخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە، بـە تایبـەت شـاری کەرکوك کـە دووەمین شـاری دەوڵەمەندی وڵاتـە، ئـەوەی جێگـەی بایەخـە لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا، نەخشـەیەکی هەرێمـی کوردسـتانیان خسـتووەتەڕوو٦(٧)، کـە بەتەواوەتـی شـاری کەرکـوك نیشـاندەدات، بەبـێ هیـچ گومانێـك کەرکـوك دەخاتـە چوارچێـوەی سـنووری هەرێمـی کوردسـتانەوە، ئەمـەش دەکرێـت بـۆ بابەتـی کوردسـتانیبوونی کەرکـوك لـە ڕووی سیاسـییەوە سـوودی هەبێـت (Stothard and our Foreign Staff, March ٢١, ١٩٩١: ١).

پـاش ئـەوەی هێـزەکانی کـورد شـاری کەرکوکیـان لـە (٢١ ئـازاری ١٩٩١) ئازادکـرد، کەوتنـە هەوڵـدان بـۆ وەسـتاندنی شـەڕ و داواکـردن لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ نـاردنی هێـزی نێودەوڵـەتی بـۆ لێکجیاکردنـەوەی هێـزەکانی عێـراق و کـورد، بـەڵام ڕژێمـی بەعـس بـۆ دەسـتگرتنەوە بەسـەر شـاری کەرکوکـدا، بـە تونـدی لـە هەوڵدابـوو، بـۆ ئـەوەی ئـەم ناوچانـە بـە تـەواوی وەربگرێتـەوە، بـە تایبـەت شـاری کەرکـوك، کـە شـارێکی دەوڵەمەنـدی عێراقـە، حکومـەت نەیدەویسـت بکەوێتـە بەردەسـتی کـورد، زیـانی ئابووریـی گـەورە بـەر ڕژێـم بکەوێـت، لەبـەر ئەمـە تـوانی لـە (٢٧ ئـازاری ١٩٩١) دەسـت بەسـەر ئـەو شـارە و پاشـان ناوچـەکانی دیکـەدا بگرێتـەوە (الزهـاوي، ٢٠٠٤: ١٤٨). لـەم بارەیەوە ڕۆژنامـەی زە تایمـز ئامـاژەی بـەوە داوە، کـە ڕژێمـی بەعـس هێرشـێکی گـەورەی کردووەتـە سـەر ئـەم شـارە و بەشـێك لەکانـە نەوتیـەکانی کەرکـوک کـە بەدەسـت کوردەوەبـوون، لـە لایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بۆمبارانکـراون، لەگـەڵ ئەمـەش هـاوکاری پارتـی کۆمیونیسـتی عێراقـی لـە ڕاپەڕینـدا بـە تایبـەت لـە ڕزگارکردنـی کەرکوکـدا بـە بایەخـەوە

(5) ٥ بۆ زانیاری زیادتر لەسەر نەخشەی ڕاپەڕینی ناوچەکانی باکوور و باشووری عێراق، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢).

(6) ٦ بۆ زانیاری زیادتر لەسەر نەخشەی تەقاندنەوەی بەنداوەکان، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٣).

باسکراوە، کە بەرەی کوردستانی و حیزبی شیوعی ڕۆڵیان هەبووە لە ئازادکردنی کەرکوکدا، بە تایبەتی ناوچە نەوتییەکانی کەرکوك، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە دوای ڕزگاکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان، هێزەکانی کورد لە ڕۆژنامەکاندا بە هێزی بەرگریکار ناویان بڵاوکراوەتەوە، نەك بە هێزی پارتیزان و ڕاپەڕیو، واتە ڕۆژنامەکان بەپێی دۆخی ڕووداوەکان وێنای هێزەکانیان کردووە، دەستەواژە و چەمکەکان بۆ هێزەکانی کورد گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە (Walker, March ,٢١ ١٩٩١: ١٣).

بابەتی ڕزگارکردنی بەشەکانی تری کوردستان لە پاش کۆتایی هاتنی ڕاپەڕین، بابەتێکی دیکەی ڕووماڵی ڕۆژنامەکان بووە، لە یەکێك لە ژمارەکانی زە تایمزدا بەناونیشانی ‹‹ڕاپەڕینی کورد و ئاهەنگەکانی نەورۆز›› ئاماژە بۆ کاریگەریی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان لەسەر کوردی تورکیا کراوە، کە لە بۆنەی نەورۆزدا داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیانیان کردووە، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، لەم چواچێوەیەدا (تورگوت ئۆزال) سەرۆك کۆماری تورکیا هەوڵیداوە، کە بەشێك لە مافە کەلتورییەکان بە کورد بدات، لەگەڵ ئەم هەواڵەدا نەخشەیەکی کوردستان بڵاوکراوەتەوە٧(٨)، کە تێیدا سنووری کوردستانی مەزن و ناوچەکانی باشووری کوردستان، کە بە هۆی ڕاپەڕینەوە ڕزگارکراون دیاریکراوە (The Times, March ,٢١ ١٩٩١: ١٣).

لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە میدیاکان بەبایەخەوە گرنگیان بە ڕووداوەکانی عێراق داوە، کە لە یەک ژمارەدا سێ بابەتیان لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان و ڕاپەڕین بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (٦٣٩٧١) ی ڕۆژنامەی (زە تایمز)دا، زیادتر لە سێ بابەتی لەسەر ناوچەکە بڵاوکراوەتەوە، تەنانەت لە دوو لەم بابەتانەدا، نەخشەی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ کێشراوە (Walker, March ,٢١ ١٩٩١: ١٣)؛ (Stothard and our Foreign Staff, March ,٢١ ١٩٩١: ١)؛ (The Times, March ,٢١ ١٩٩١: ١٣)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، زۆربەی ئەو بابەتانەی بڵاوکراونەتەوە، کەوتونەتە نێو ڕیزبەندی هەواڵەوە، کەمتر چوونەتە چوارچێوەی شیکردنەوە و وتار و لێکۆڵینەوە، ئەمەش وایکردووە، کە کەمتر بتوانرێت لە سەرنجی میدیا و ڕۆژنامەکان لە تێگەیشتنیان بەرانبەر بە کورد، تێبگەین، بەڵکو زیادتر خۆی لە باسکردنی ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە.

لە پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی زۆرینەی ناوچە و شارەکانی باشووری کوردستان، ڕووداوەکانی دوای ئەمە و وەڵامدانەوەی حکومەتی عێراق بۆ گێڕانەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، بووەتە جێگەی بایەخی بەشێک لە میدیایەکان، ڕۆژنامەی زە سەندەی تایمز لە بابەتێکدا لە ڕۆژی (٢٤ ئازار) دا بڵاوی کردووەتەوە، کە سەدام خۆی بۆ دوایین بەرگریکردن ئامادەدەکات، شیعە لە باشوور و کورد لە باکوور سەدامیان گەمارۆداوە، کورد لە باکوور ڕووەو گرتنی ناوچەکانی دەوروبەری شاری موسڵ هەنگاو دەنێت، هێزەکانی ڕژێمیش لەڕێگای گاردی کۆمارییەوە خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی پێشیان پێبگرن، ڕۆژنامەکە لێدوانی سەرکردەیەکی کوردی بڵاوکردووەتەوە، ڕایگەیاندووە ‹‹ئەم شەڕە دوایین شەڕی ئێمە و سەدام دەبێت››. لەگەڵ ئەم هەواڵەدا، وێنەیەکی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بڵاوکراوەتەوە٨(٩)، لە وێنەکەدا دوو کچی منداڵ دەردەکەون، کە دڵیان خۆشە و یەکێکیان چەکێکی بەرزکردووەتەوە، وەك نیشانەیەك بۆ سەرکەوتن، وێنەکە وەك ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کردووە لە شاری هەریر گیراوە، بەڵام ڕێکەوتی گرتنی وێنەکەی تێدا نییە، لەژێریدا نوسراوە: ‹‹ نارازییەکان، کچە کوردەکان لە ڕاپەڕینی هەریردا چەك بەرزدەکەنەوە.›› (James,

[7] ٧ بۆ زانیاری زیادتر لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٤).
[8] ٨ بۆ زانیاری زیادتر لەسەر نەخشەی کوردستان، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٥).

Ian Glover, et al, March ٢٤, ١٩٩١: ١٣).

ڕووداوەکانی پاش کۆتاییهاتنی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی زۆربەی ناوچاکانی کوردستان، لە ڕۆژنامە بەریتانییەکاندا بایەخی پێدراوە، لە ڕووماڵی هەواڵەکانیاندا، نەخشەی ناوچەکانی کوردستانیان داناوە، کە لە لایەن، کوردەوە ڕزگارکراون، تێیدا ئاماژە بە ناوچەی کوردی کراوە، کە بە ‹‹هەرێمی کوردی›› ناوی هاتووە، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت، شاری کەرکوك خراوەتە، چوارچێوەی کوردستان، زۆربەی نەخشەکان کەرکوك بە شارێکی کوردی دادەنێن، ڕۆژنامەی زە سەندی تایمز لە ڕۆژی (٢٤ ئازار)دا، لە هەواڵێکیدا لە بارەی دۆخی کوردستانەوە، نەخشەیەکی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا ناوچەکانی کۆنترۆڵکراو لەلایەن کورد لە ماوەی ڕاپەڕیندا دەخاتەڕوو، کە شاری کەرکوکیش لەخۆدەگرێت٩(١٠)، ڕۆژنامەکە بابەتی دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ، ئاشکرابوونی شوێنەوارەکانی کۆمەڵکوژی و ئازاردانی کورد لە باشووری کوردستاندا، سەرنجی ڕاکێشاوە و بەجۆرێك لە حەماسەتەوە ئەم بابەتەی باسکردووە، بۆ نمونە: لە بابەتێکدا باسی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی گەنجانی کورد لە ناوچەی بجیل کراوە، کە مێژووی زیندە بەچاڵکردنیان بۆ ساڵی (١٩٨٨) دەگەڕێتەوە، ئاماژە بەوە کراوە، ئەوان تەنیا لەبەر کوردبوون و بوون بەپەند بۆ شۆڕشگێڕان کوژراون، لەبەر ئەمە تیرۆری سەدام لەبەرانبەر کورد زۆر بەرفرەوانبووە، ئەمەش بووەتە هێزێك بۆ ڕاپەڕین، کە مەترسی لەسەر لەنێوبردنی سەدام دروستکردووە، کوردەکان زۆر بەحەماسەتەوە ڕاپەڕیون، ژنان و پیاوانیان بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشن، ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ یەکەمین جار لە ماوەی ڕووماڵی ڕاپەڕیندا ڕۆژنامەی زە سەندەی تایمز وشەی پێشمەرگە بۆ هێزەکانی کورد بەکاردەهێنێت، هاومانا کراوە لەگەڵ گەریلادا، لەوێدا نموونەی پێشمەرگەیەك بەناوی ‹‹مەحەمەد، کە تەمەنی تەنیا (١٢) ساڵ بووە هێنراوەتەوە، کە چەکێکی بە قەد باڵای خۆی پێبووە و بەشانیدا شۆڕبووەتەوە›› ئەمەش وەك نیشانەیەك بۆ حەماسەتی کورد لە شۆڕشدا نیشاندراوە. لە بارەی چارەنوسی کورد لە داهاتوودا، ڕۆژنامەکە لە زاری سەرکردەی یەکێك لە حزبەکانی کورد ئاماژەی کردووە، کە کوردەکان ئامانجیان سەربەخۆی نییە، بەڵکو تەنیا خوازیاری جۆرێك لە ئۆتۆنۆمین، هاوشێوەی ئۆتۆنۆمی سکۆتلەندا، ڕۆژنامەکە لە درێژە باسەکەیدا ئاماژە بە دۆخی شاری هەولێر دەکات، کە دانیشتوانەکەی تێیدا زۆر شادومانن، بەڵام هیچ خزمەتگوزارییەك بوونی نیە، وەك نەبوونی کارەبا و سوتەمەنی، تەنیا چەند دوکانێك کراونەتەوە، نرخی کاڵاکانیش زۆر بەرزبووەتەوە (Fazel, March ٢٤, ١٩٩١: ٢٠).

لە پرسی بەدیهێنانی مافەکانی کورد، چەندین جار لە ڕۆژنامەکاندا باسی عێراقی فیدراڵ و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کراوە، هەوڵدراوە باس لە مافەکانی کورد بکرێت، ئەم پاڵپشتییە تەنانەت ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردانشی گرتبووە، وەك لە باسی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، بەڵام وەك دەردەکەوێت لە ڕۆژنامەکاندا بۆچوونی دژی ئۆتۆنۆمی کورد بوونی هەبووە. بۆ نمونە لە وەڵامی نامەکەی (لۆرد جۆندا)، کەسایەتییەك بەناوی (جین م. ناتار) ئاماژەی بەوەکردووە، کە کورد یەك ڕەگەزی هاوبەشیان هەیە، بەڵام هیچ کاتێك خاوەنی کیانێکی یەکگرتوو نەبوونە، بەهۆی ململانێ هەمیشە لەدژی یەکدیبوونە، لەدوای دابەشکردنیان بەسەر وڵاتاندا پارچە پارچە بوونە، هاوکات سیما خێڵەکییەکەی خۆیان وننەکردووە، لەبەرئەوە مەگەر ‹‹ڕەحمەتی خودا›› ئەگەرنا ئەستەمە دەسەڵاتێکی فیدراڵی لە عێراقدا دابمەزرێت، سەرەڕای ئەوش عێراق ئامادە نییە دەستبەرداری ناوچە نەوتییەکانی بێت بۆ

---

٩(9) بۆ زانیاری زیادتر لەسەر وێنەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٦).

کورد، تەنانەت وڵاتانی تورکیا و ئێرانیش ئەمە قبوڵناکەن، بە هۆی مەترسیان لە کوردی وڵاتەکانیان (Nater, 15 March 1991: 15). لەگەڵ ئەوەی ناکۆکی سەرکردایەتی کورد لە ساتەوەختەکانی پاش بە ئەنجامگەیشتنی ڕاپەڕین سەریهەڵدایەوە، بەڵام پێچەوانەی بەشێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی بەریتانیا، لە ئەنجامی فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، پاش ڕاپەڕین سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی توانی لە (19 ئایاری 1992) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ئەنجامبدات، لەسایەی ئەم هەڵبژاردنەدا توانراحکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت (حەمە کەریم، 2013: 49 – 51).

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ – ڕۆژنامە بەریتانیەکان بە بایەخەوە گرنگیان بە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ی باشووری کوردستان داوە بە چەندین شێوی جیاواز ڕووماڵیانکردووە.

٢ – ڕووماڵی ڕۆژنامەکان بۆ ناوچەکە ڕووماڵێکی دووانەیی و لەژێر کاریگەریی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی حکومەتی بەریتانیادا بووە، بەڵام تێڕوانینی ڕۆژنامەکان بۆ کێشەی کورد مرۆڤدۆستانە و خەمخۆری بووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە باشووری کوردستاندا.

٣ – وێناکردنی کورد لە ڕۆژنامەکاندا لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەلایەک وێنای کوردیان، وەك قوربانی نیشانداوە و ڕەوایەتیان داوەتە ئەو خەباتەی کورد، بە خەباتێک بۆ مافەکانی مرۆڤ ناوزەندیان کردووە، لەلایەکی دیکە ڕاپەرینی کوردیان وەك بەشێك لە درێژکراوەی ڕاپەرینی باشووری عێراق وێناکردووە نەک وەك ڕاپەرینێکی نەتەوەیی گەلێکی ژێردەستە.

٤ – ڕۆژنامەکانی بەریتانیا یەکێک بوون لە هۆکارەکان بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ناوچەکە و پشتگیریکردنی کورد و دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باشووری کوردستان.

٥ – ڕۆژنامەکان بە نەخشەوە بەشێك لە ڕووداوەکانیان ڕووماڵکردووە، ئەم نەخشانە بوونەتە بەڵگەنامەیەک بۆ سنووری کوردستان و کوردستانی بوونی کەرکوک، کە ئەم شارەیان وەك بەشێك لە سنووری کوردستان داناوە و مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

# تغطية انتفاضة جنوب كوردستان في الصحف البريطانية في سنة ١٩٩١
# (بحث تأريخي سياسي)

## ملخص البحث

يمكن القول بأن وضع العراق في مطلع و بداية القرن المنصرم اصبح محل اهتمام و تأمل وسائل الاعلام الغربية كنتاج للوضع العام الذي كان يمر بها المنطقة ككل، خاصة تدهور الوضع السياسي و عدم الاستقرار في المنطقة، بالأخص احتلال العراق للكويت الذي شكل اعتداءاً سافراً و ضرراً بالغاً بالمصالح الأمريكية و حلفائها. لذلك أصبحت تطورات الاحداث في المنطقة مادة دسمة للكثير من الصحف و المراكز الاعلامية الغربية. و عندما شن الويلايات المتحدة الامريكية وحلفائها حملة عسكرية ضد العراق لتحرير الكويت، كان للكورد احزاب سياسية نضالية تمارس نشاطاتها الكفاحية المسلحة ضد النظام البعثي البائد، فحاولوا ان يجدوا موطأ قدم في خضم التغيرات و المستجدات الجديدة و ان يصبحوا جزئاً من اجندة القوى الدولية.

بالرغم من ان الاهتمام الاعلامي بالكورد و الوضع في كوردستان في الاعلام الغربي عامة و الاعلام البريطلاني خاصة ضاربة في القدم، لكن بعد انتفاضة الكورد و احداثها المتسارعة و عملية تحرير المناطق الكوردية، زاد وتيرة هذه الاهتمام الى حدٍ ما في الاعلام البريطاني كتجسيد للواقع الجديد. حاولنا في هذه الدراسة و من منظور نقدي تحليلي اتباع المنهج التحليلي المقارن في تناول موضوع تغطية الاعلام البريطاني لفهم سير الاحداث الانتفاضة الكوردية في العراق، حاولنا ان نفهم نظرة و رؤية الاعلام البريطاني تجاه الكورد و انتفاضتهم و كيفية تقيمهم للاحداث في فترة ما قبل و ما بعد الانتفاضة الكردية، خاصة بداية الانتفاضة و من ثم احتلال قسم من اراضي كوردستان من قبل النظام البائد مجدداً ، حاولنا تحليل و تقيم كل ذلك.

هذا البحث يتكون من فصلين و استنتاجات و قائمة للمصادر و الملحقات، الفصل الاول: تغطية الصحف البريطانية للوضع في جنوب كوردستان و العراق قبل الانتفاضة. الفصل الثاني: تغطية الصحف البريطانية للانتفاضة و الاحداث في جنوب كوردستان.

# British Newspapers' Coverage of the Uprising of Southern Kurdistan in ١٩٩١

## (Political and Historical Study)

**Abstract**

In the ١٩٩٠ of the twentieth century, the western media started paying more attention to the incidents in Iraq and the Middle East due to the destabilized political situation of the region, especially after the invasion of Kuwait by Iraq. The Iraqi invasion was against the interests of the US and its allies; therefore, the media was very interested in the news of the region. When the allies attacked Iraq, the Kurds, who were represented by revolting political parties in the mountains, were attempting to find their place in the changes and become a part of the international agendas.

Even though British Newspapers widely published news and articles about Kurds and Kurdistan since a long time ago, but , the British media coverage of Kurdistan significantly increased after the uprising of the Kurdish people and the liberation of their areas. This study is an attempt to critically analyze the portrayal of the uprising of the Kurdish people and its incidents in the British Newspapers to understand their perspective of the Kurdish people and the incidents before the uprising, during the uprising, and after the Baath Party's attack and reoccupation of some part of Kurdistan.

The study is divided into two chapters. The first chapter is about the British Newspapers' coverage of the situation of Iraq and Kurdistan before the uprising. The second chapter is about the British Newspapers' coverage of the incidents of the uprising in Iraqi Kurdistan.

Keywords: Uprising, Portrayal, Newspapers, Southern Kurdistan, News coverage.

## سەرچاوەکان

**یەکەم : پەرتووکەکان:**

**أ – بەزمانی کوردی:**


١ - ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠١٢، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان ١٩١٤ – ٢٠٠٥، چاپی دووەم، سلێمانی.

٢ - حەسۆ، مراد خۆشەڤی، ٢٠٠٨، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ١٩٩٠ - ٢٠٠٥، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣ - حەمە کەریم، هێرش عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١ – ٢٠٠٣، چاپخانەی تاران، ئیران.

٤ - ڕەسوڵ، هاورێ قادر، ١٩٩٤، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان، بنکەی کوردۆلۆژی، هۆڵندا.

٥ - عەبدولکەریم، سەلام، ٢٠١١، ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٩١، چاپخانەی چوارچرا، بێ شوێنی چاپ.

٦ - ماکداول، دیڤد، ٢٠٠٥، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧ - مەحمود، هۆشمەند عەلی، ٢٠٠٩، ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١ دا، چایخانەی شەهاب، هەولێر.

٨ - مەرزنگ، عەبدولڕەزاق، ٢٠٠٤، ڕاپەڕین بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٩ - محەمەد علی، جاسم محەمەد، ٢٠٠٨، ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

١٠ - محەمەد، محەمەد، خالید ئیبراهیم، ٢٠١٥، چواری ئادار ڕۆڵی پشدەریەکان لە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١١ - مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان، ٢٠١٨ - ب، پانۆرامای ڕاپەرین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەرگی چوارەم، بێ ناو و شوێنی چاپ.

١٢ - مستەفا، ئاراس عەبدولرەحمان، ٢٠١٨ - أ، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و خۆئامادەکردنی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٣ - مشیر، شەوکەت حاجی، ٢٠٠٣، چیوەرۆ دەروازەیەک بەرەو کەرکووک، خانە و چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

١٤ - میراوەلی، مۆفەق، ٢٠١٣، ڕاگواستنی قەزای پشدەر ١٩٧٧ – ١٩٨٩ کۆتایی ئەنفال، چاپخانەی کەمال، سلێمانی

١٥ - نورەدینی، عومەر، ٢٠٠٣، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد کوردستانی عێراق بە نموونە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.


ب – بەزمانی عەرەبی:

١٦ - الزهاوي، فاضل، ٢٠٠٤، حرب الخليج و انتفاضة كردستان العراق، المدرية العامة للطباعة و النشر السليمانية.
١٧ - بن عبدالعزيز، خالد بن سلطان، ١٩٩٧، مقاتل من الصحراء، دار الساقى للطباعة و النشر.

**دووەم : ڕۆژنامەكان:**

١٨ - Binyon, Michael, Diplomatic Editor, Basra falls to rebels as Shia revolt spreads, The Times (London, England), Tuesday, March ٠٥, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٥٧.

١٩ - Binyon, Michael, Diplomatic Editor, Rafsanjani urges Iraqi regime to step down, The Times (London, England), Saturday, March ٠٩, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٦١.

٢٠ - Binyon, Michael, Diplomatic Editor, Rebel Kurds claim to have taken six cities, The Times (London, England), Monday, March ١١, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٦٢.

٢١ - Binyon, Michael, Diplomatic Editor, Kurd rebels threaten to blow up two dams, The Times (London, England), Wednesday, March ٢٠, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٧٠.

٢٢ - Colvin, Marie and Cassidy, John, Saddam vows to crush the Kurds, The Sunday Times (London, England), Sunday, March ١٧, ١٩٩١; Issue ٨٦٩١.

٢٣ - Ellicott, Susan, US rejects Iraqi warplanes plea as rebels close in, The Times (London, England), Monday, March ١٨, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٦٨.

٢٤ - Fazel, Kamran, Rebelling Kurdish forces revel in victory, The Sunday Times (London, England), Sunday, March ٢٤, ١٩٩١; Issue ٨٦٩٢.

٢٥ - James, Ian Glover, et al, Saddam under siege, prepares for 'last stand', The Sunday Times (London, England), Sunday, March ٢٤, ١٩٩١; Issue ٨٦٩٢.

٢٦ - Jenkins, Lin, Saddam's henchman called in to curb revolt, The Times (London, England), Thursday, March ٠٧, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٥٩.

٢٧ - Kemp, David et al, Ways of winning the Gulf peace, The Times (London, England), Monday, March ٠٤, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٥٦.

٢٨ - Kington, Miles, That's life? You asked for it, The Independent (London, England), Monday, February ٠٤, ١٩٩١; Issue ١٣٤٣.

٢٩ - Martin, Woollacott, Kurd's battle for control of key road, The Guardian (١٩٥٩-٢٠٠٣); Mar ١٦, ١٩٩١.

٣٠ - Morris, Harvey, A hard dictator to follow, The Independent (London, England), Friday, March ٠١, ١٩٩١; Issue ١٣٦٥.

٣١ - Morris, Harvey, For the Kurds, no happy ending, The Independent (London, England), Saturday, March ٠٢, ١٩٩١; Issue ١٣٦٦.

٣٢ - Morris, Harvey, Life after Saddam's war, The Independent (London, England), Monday, February ١١, ١٩٩١; Issue ١٣٤٩.

٣٣ - Nater, Jean-M, Kurdish autonomy, The Times (London, England), Friday, March ١٥, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٦٦.

٣٤ - Richards, Terence, Kurdish rights، The Independent on Sunday (London, England), Sunday, February ٠٣, ١٩٩١; Issue ٥٤.

٣٥ - Savill, Annika, The Kurds hold the key to stability after Saddam Hussein, The Independent (London, England), Tuesday, February ٠٥, ١٩٩١; Issue ١٣٤٤.

٣٦ - Savill, Annika, Kurds say ٨٠,٠٠٠ Iraqi troops have deserted, The Independent (London, England), Friday, February ٠٨, ١٩٩١; Issue ١٣٤٧.

٣٧ - Savill, Annika, Moving towards a cabinet in exile, The Independent (London, England), Thursday, February ٢٨, ١٩٩١; Issue ١٣٦٤.

Stothard, Peter and our Foreign Staff, US shoots down truce-breaking Iraqi warplane, The Times - ٣٨
.٦٣٩٧١ Issue ;١٩٩١ ,٢١ (London, England), Thursday, March

Teimourian, Hazhir, Kurdish resistance tells of allies' precision bombing, The Times (London, - ٣٩
.٦٣٩٣٠ Issue ;١٩٩١ ,٠١ England), Friday, February

Teimourian, Hazhir, Iraqi opposition looks forward to fruits of victory, The Times (London, - ٤٠
.٦٣٩٥١ Issue ;١٩٩١ ,٢٦ England), Tuesday, February

Teimourian, Hazhir, Kurdish villagers consider escape across Iranian border. The Times (London, - ٤١
.٦٣٣٦٨ Issue ;١٩٨٩ ,١٤ England), Friday, April

Kurds, The Times (London, England), Friday, ٢٥٠,٠٠٠ Teimourian, Hazhir, Noon deadline set for - ٤٢
.٦٣٣٩٢ Issue ;١٩٨٩ ,١٢ May

Teimourian, Hazhir, More towns are emptied by Iraq, The Times (London, England), Monday, - ٤٣
.٦٣٤١٨ Issue ;١٩٨٩ ,١٢ June

Teimourian, Hazhir, Saddam Installs accused cousin, The Times (London, England), Wednesday, - ٤٤
.٦٣٨١٥ Issue ;١٩٩٠ ,١٩ September

Issue ;١٩٩١ ,٠٦ The Times, A Nation without a State, (London, England), Wednesday, February - ٤٥
.٦٣٩٣٤

Issue ;١٩٨٩ ,٢٥ The Times, British Kurdish Friendship Society, (London, England), Tuesday, April - ٤٦
.٦٣٣٧٧

The Times, From a Correspondent in Istanbul, Kurdish uprising mars festivities, (London, - ٤٧
.٦٣٩٧١ Issue ;١٩٩١ ,٢١ England), Thursday, March

.٦٣٩٧٠ Issue ;١٩٩١ ,٢٠ The Times, Kurd threat to dams, (London, England), Wednesday, March - ٤٨

٤٩ - The Times, '٤,٠٠٠ casualties', (London, England), Tuesday, January ٢٢, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٢١.

٥٠ - Walker, Christopher, Saddam 's forces seize thousands of Kurds, The Times (London, England), Thursday, March ٢١, ١٩٩١; Issue ٦٣٩٧١.

سێیەم : پێگە ئەلکترۆنیەکان:

٥١ - The Guardian,
https://www.theguardian.com/world/٢٠١٧/jan/٠١/farzad-bazoft-journalist-iraq-executed-saddam-hussein thatcher?fbclid=IwAR٢Keffhw٣Uno٥١OsPl٨aKpMgvTXcRilUvURjwizpQKGUB٦١zcQA٩Oj_ZcU, accessed ٢٩, July, ٢٠٢١.

٥٢ – Teimourian, Hazhir,
http://www.hteimourian.net/, accessed ٢٣, July, ٢٠٢١.


٥٣ - The World Economic Forum,
https://www.weforum.org/about/world-economic-forum, accessed ٢٧, July, ٢٠٢١.

پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (١)


نەخشەی نیشتەجێی کوردەکان

سەرچاوە: (Morris, Harvey, March ٠٢, ١٩٩١)



پاشکۆی ژمارە (٢)


نەخشەی ڕاپەڕینی ناوچەکانی باکوور و باشووری عێراق




سەرچاوە: (Binyon, Michael, March ٠٥, ١٩٩١)

پاشکۆی ژمارە (٣)

نەخشەی تەقاندنەوەی بەنداوەکان




سەرچاوە: Binyon, Michael, March ٢٠, ١٩٩١))

پاشکۆی ژمارە (٤)


نەخشەی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: Stothard, Peter and our Foreign Staff, March ٢١, ١٩٩١) )

پاشکۆی ژمارە (٥)

نەخشەی کوردستان




سەرچاوە: (From a Correspondent in Istanbul, March) ٢١, ١٩٩١

پاشکۆی ژمارە (٦)

وێنەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان




Up in arms: Kurdish girls flourish weaponry in strife-torn Harir, Iraq. Picture, Kaveh Golestan

سەرچاوە: (James, Ian Glover, et al, March ٢٤, ١٩٩١)

پاشکۆی ژمارە (٧)

نەخشەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی کورد لەماوەی ڕاپەڕیندا




سەرچاوە: (Fazel, Kamran, March ٢٤, ١٩٩١)

(١٠) بۆ زانیاری زیادتر لەسەر نەخشەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان لە لایەن کورد لەماوەی ڕاپەڕیندا، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٧).